هەرکەسێک سەگ ڕابگرێت جگە لە سەگی ڕاوکردن یان سەگی مەڕومالّات^؛ ئەوا هەموو ڕۆژێک دوو قیرات^^ لە -پاداشتی- کردەوەی کەم دەکاتەوە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سەگ ڕابگرێت جگە لە سەگی ڕاوکردن یان سەگی مەڕومالّات^؛ ئەوا هەموو ڕۆژێک دوو قیرات^^ لە -پاداشتی- کردەوەی کەم دەکاتەوە». سالم دەڵێت: ئەبو هوریرە -ڕەزای خوای لێبێت- کە خاوەنی کێڵگە بوو دەیووت: «یان سەگی کێڵگە». (سەگی مەڕومالّات: مەبەست ئەو سەگەیە کە پاسەوانی مەڕومالّات دەکات ولەگەڵ شوان دەردەچێت)، (قیرات: واتا بڕێکی مەزن لە پاداشت

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە ڕاگرتنی سەگ، مەگەر بۆ پێویستی ڕاوکردن، یان پاسەوانیکردنی مەڕومالّات وکشتوکاڵ، وئەوەی ڕایبگرێت بۆ مەبەستی تر جگە لەمانە ئەوا هەموو ڕۆژێك دوو قیرات لە پاداشتی کردەوەکانی کەم دەبێتەوە؛ قیراتیش ئەندازەیەکی زانراوە لە لای الله -سبحانه وتعالی-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2994